# كاك ئارام بە گوللەی بەعس و ویستي كورد كوژرا



**جەزا چنگیانی**

jazachingiani@hotmail .com

تیرۆری سیاسی ناشیرترین ڕووی سیاسیە .ئەوەی بڕوای بە تیرۆری سیاسی هەبێ سیاسی نیە تیرۆریستە .

چۆن كوشتنەكەی ترۆتسكی بنەمایەكی سیاسی و ڕوویەكی پیسی دەسەڵاتی دكتاتوری ستالین بوو ئاواش كوشتنەكەی كاك ئارام بنەمایەكی سیاسی و ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی دكتاتۆری كوردیە. جیاوازی لە نێوان كاك ئارام و ترۆتسكیدا تەنیا ناو و زەمەن وجوگرافیە .هەردوو تیرۆركردنكە خاوەنی یەك ناوەڕۆكن . ئەو پێشبینیەی ترۆتسكی پێش كوشتنەكەی بۆ سیاسەتی سۆڤیتی دوای مردنی لینینی كرد لە سەردەمی دەسەڵاتی ستالین دا كتومت هاتە دی . ئەو پیشبینیەی كە كاك ئارام بۆ سیاسەتی كوردی دەكرد كوتومت دوای كوشتنەكەی و گرتنی دەسەڵات لە لایەن تاقە كەسێك و ڕەدووكەوتنی كۆمەڵە و تواندنەوەی لە ناو جەلالیدا.بە تاقانە بوونی دەسەڵاتی خێزانی تاڵەبانی ودروست بونی دكتاتۆری كوردی هاتە دی.مەزنی و هوشیاری مرۆڤی سیاسی لەودا نیە دوای ڕووداو بێتە زمان . مەزنی و هوشیاری مرۆڤ لەوەدایە پێشبینی ڕووداوەكان بكات پێش ڕوودان . كاك ئارام لەم خاڵەدا كەسایەتێكی كەم وێنەی كۆمەڵگای كوردی و بزوتنەوەی نیشتمانی كوردستان بوو.ئاشكرایە گەشەكردنی كەسایەتی پاك لە ناو كۆمەڵگای گەوجدا زۆر زەحمەتە و تەمەنی كورتە(زۆر لە زانا و ڕابەرەكان لە كاتی خۆیاندا لە بەر ئەوەی بانگەوازی نۆی وچاكەیان كردوە بەختیار و ئاسودە نەبوون . ئەی ئەوە نیە زەهریان دەرخواردی سوكرات دا هەر لەبەر ئەوەی باسی هزری نوێی دەكرد )*1ئەگەر كاك ئارام وەك فاكتەری وەرچەرخانی میژوو شایەنی ڕافەكردن بێ.دەبێ ئەو نوسین وڕافەكردنانە دووربێت لەڕەتووش و چاوداگرتن و منگە منگ و صابونی دكتاتۆر و دەسەلآت.بۆیە پیویستە ئەو ڕاستیە بڵێن كاك ئارام لە كۆمەڵگای كوردی و هزری باوی سەردەمی خۆیدا فیگۆرێكی نۆی و كەسایەتێكی شۆرشگێر بوو دونیابینێكی پێش زەمەن بوو وەك فەیلەسوفی ئەڵمانی نیچە.پەیامەكەی كاك ئارام تەنیا گۆڕینی ئەدموسفیری سیاسی نەبوو بەڵكو گەریكی بوو كۆمەڵگا لە بناغەوە بگۆڕێ چونكە دەیزانی هیچ هزرێكی سیاسی نۆی بێ بنەمای كۆمەڵگایەكی نۆی پێناگرێت و سەقەتدەبێت.بۆیە لە چەند بەرەیەكەوە خەباتی دەكرد.كردار و هەڵویست و بووچونە كۆمەڵایەتیەكانیشی لە تەك خەڵكانی ڕەش و ڕووت و هەژاران و پیشمەرگەیەكی كەم ئەزموون و قوتابیەكی خوینگەرمدا مامەڵەیكی هوشیارانە دوور لە لووتبەرزی سەركردەی ڕۆژهەلآتی گەوج بوو*2 ئەم تایبەتمەندیەی كاك ئارام نەك تەنیاهزری سیاسی دكتاتۆری كوردی كردە دووژمنی خۆی بەڵكو هەڵگرانی گوتاری كۆمەڵگای گەوجی كوردیش دوژمنی بوون. كۆمەڵگای گەوج كەسایەتی دكتاتۆر و سەقەت دەكات بە مۆتەكە

بەسەر ژیانی خۆیەوە . چونکە تاکی کۆمەڵگای گەوج تاکێکی ناخ ترساوە لە ئەدموسفیری ئاسایش و دیموکراتیدا تووشی پەرکەم دەبێت ئەی ئەوە نیە دوای نەمانی دەسەڵاتی دکتاتوریی صدام کورد چونکە گەوج بوون چون هاتنە وێزەی یەکتری و چەند ساڵ شەڕی ناخۆیان کرد و ئیستاش بە دوو پارتی دیکتاتۆر ناتوانن سێ شار بەڕیوەبەرن ؟؟ بۆیە زەمینەی لە ناوبردن و کوشتنی کاك ئارام و هاو وێنەکانی نەك لە ساڵی کوشتنەکەی ( 1978/01/31 ) بەڵکو لە ساڵی 2006 یشدا کۆمەڵگای گەوجی کوردی زەمینەیەکی بەپیتە بۆ تیرۆرکردنی دەنگی دیموکراسی وکوردایەتی ڕەسەن.

ئاشکرابوونی ڕووی ڕاستەقینەی خاوەن فایلەکانی سەرکردایەتی یەکیتی بەوشێوە فرەیە پۆخڵی جەلالی و ڕووی پاك وجوانی کاك ئارامی لە میژوودا ئاشکراکرد.بەهۆی بوونی بەعسیەکی زۆرەوە لەسەرکردایەتی یەکیتیدا بە تایبەتی جەلالیەکان کاك ئارام دەکەوێتە نێوانی بەرداشی دوو دەسەڵاتی هاوبەرژەوەندییەوە (جەلالی و بەعسی)کاك ئارام دووژمنی دکتاتۆر بوو کەواتە (بەعس وجەلالی)دووژمنی بوون.بۆیە ئەم دوو دووژمنە دەبێ لە ئاستی نەمانی کاك ئارامدا هاوبەش و هاوکاری یەکتری بن .ئەگەرچی وەك بەڵگە و دووکومێنت لە بەردەستانیە بۆ تاوانبارکردنی ڕاستەوخۆی کەسێك لە کوشتنەکەی کاك ئارامدا وەلی بەڵگەیەکی زۆری ئایدۆلۆژی و موراڵ لە بەردەستایە کە جەلالیەکان وەك بەعسیەکان تا سەر ئیسقان دوژمنی کاك ئارام بوون.کە دەنگی ڕەسەنی هوشیاری سەردەم و کوردەواری بوو. دوای کوشتنەکەی کاك ئارامیش لەسەر هەمان ڕەمت جەلالیەکان ئەوە کەس و تاقمەی لە بەرەی ئۆپۆزسیونی جەلال بوایە هەر هەلیکێان بۆ هەڵبکەوتایە شەڵلی خۆینیان دەکرد(حەلاق ....و هاوڕێکانی) تەنانەت دەستیشیان لە پێشمەرگەکانی خۆیان نەپارستوە ئەگەر تۆزقاڵێك سەرپێچی دکتاتۆر و بەرژەوەندی خیزانەکەی کردبێ لەم بارەیەوە کۆمەڵەپێشمەرگەیەکی دێرینی بەڕێز نهێنیەکانیان بۆ درکاندوم ؟ کەواتە کوشتنی کاك ئارام بە پلانێکی کوردی و گوولەی بەعس بووە نەك ڕێکەوت و هەڵەی کاك ئارام.دوای تێپەڕبوونی 28 ساڵ بە سەر کوشتنەکەیدا و پشتگۆیخستنی بنەمایەکی مۆراڵی دەسەڵاتی یەکیتی هەیە .کە گەرەکیانە پرسیاری کوشتنی ئەم کەسایەتیە کوردییە لە زمانی مرۆڤی کورد بسڕنەوە . دیکتاتور ڕەوشتی وایە هەموو هێزێك بەکار دەهێنێ بۆ مانەوەی خۆی وڕەتووشکردنی ڕووی یەکێك لەو هێزانەش میدیایە.پرسیارێکی جوانە کە بپرسین بۆچی میدیای یەکێتی دەستگاکانی بڵاوکردنەویان ئامادەن ڕۆمانی دزراو بە ناوی نووسەریکی ترەوە بە جوانترین شێوە و خێرا چاپبکەن ولە ڕاگەیاندنەکانیان نووسەری دز قەبەبکەن کەچی دوای 28 ساڵ ئاوڕێك لە بەرهەمەکانی کاك ئارام نادەنەوە *3؟؟ ئایا ئەمە بنامەیکی سیاسی نیە ؟؟ لەسەردەمی ستالینیشدا هەرکەسێك نوسینێکی ترۆتسکی پێبگیرایە کەس نەیدەزانی چۆن لەناو دەبرا ..ئەوەی کاك ئارام بۆ کۆمەڵگای کوردی نەدەویست ئیمڕۆ لە حکومەتی سلیمانیدا بنەمای دەسەڵاتیانە ئەوەی ئارام بێزی لێدەکردەوە چەمۆڵەی لێدەنا( گەندەڵی . دکتاتۆرێت . داوین و دەست پیسی . بازرگانی سیاسی . دەسەڵاتی خێزان . مافیا و تاقمی چەقۆ وەشێن بوو) ئێستا ئەمانە سیمای دەسەڵاتی سیاسی سلیمانی ودەسەڵاتدارانی یەکیتین .ئیتر چۆن کاك ئارام ناکوژن ؟؟؟.ڕاکردن وخەساندنی کۆمەڵی کادێری هوشیاری کۆمەڵە و خۆدزینەوەیان لە کاری سیاسی گشتی ترسە لە دیکتاتۆر.چونکە ئەو بەڕێزانە دڵنیان 10 ئارامی تر لە سلیمانی دروستت ببێ دەسەڵاتی ڕەهای خێزانی تاڵەبانی دەیکوژن.ئیمڕۆگەورەترین درۆ ئەوەیە بڵێت( یەك کەس هەیە لە سەرکردایەتی یەکیتی ملوێنەر نیە)بە گەورە و پچوکەوە هێندە پارەی ئەو ڕەش و ڕووت و هەڵەبجەیی و شەهیدان و منداڵ پاریزانی کوردیان لفلیداوە. قوتابیەکانی مارکسی ناوکۆمەڵە قێزیان لە ووشەی پڕۆلیتاریا دێتەوە .کوردستانێەکانی ناو یەکیتیش چڕت بۆ کوردایەتی لێدەدەن و یەکپارچەی خاکی عیراق بۆتە ئیستراتجێتی خەباتیان .

**ئەگەر کاك ئارام نەکوژرایە :**

1- نه كورد به كۆدەنگى خۆى له پێناوى كورسى سەرۆكى عيراقى بۆ جەلال باشورى كوردستانى بۆجارى دووهەم له ناسيوناليستى عەرەبى مارە دەكرد.
2- نه باڤيل دەبوو به قصى سليمانى
3- نه سەرانى كۆمەڵە ئاوا زەليلى بڕيارى هيرۆخان دەبوون .
4- نه شەڕى براكوژى جەرگى هەزارەها خێزانى دەكرد به زووخاو.
5- نه سەرجەم منداڵەكانى برايم ئەحمەد دەبوون به ملوينەرى كۆمەڵگاى بێ ئاو وكارە با .
6- نه كەركوك دەخرايە ژێر ڕەحمەتى بەزەيى ناسيوناليستى عەرەبى و ياساى 58.
7- نه سليمانيش داوێنى كوردايەتى و مۆڕاڵى نەتەوايەتى دەبڕا .

ئارام كوژرا به هەموو گيرفانەكانى 10 دينارى تێدا نەبوو وەلى هاوڕيكانى كۆمەڵە و هاوسەنگەرە زيندووكانى ئيستاى له سليمانى له سايیەى دەسەڵاتى مافياى جەلاليەوە هەر يەكەيان ملوينەرى دۆلار ومەلاكى زەوى وخاوەنى چەند ژنى قاچاخ و پەساساپۆڕتى ئەورووپين ؟ گرنگ نيە مرۆڤ دواى خۆى چەند سامان بەجێدەهێڵى گرنگ ئەوەيە ميژوو كێ دەكات به زبڵ ؟؟؟؟

كاك ئارام .... يان جەلال ؟؟؟؟؟

سان پيترسبۆرگ 2006/02/06

www.chingiani.de




پەيكەرى زمبۆڵيى قوربانيەكانى ستالين مۆسكۆ ( كاميرەى خۆم )



پەیکەرە زیندوەکانی قوربانییەکانی دکتاتۆری کوردی سلیمانی( کامیرەی خۆم )

*1 : السلطة والفرد ...... برتراند رسل ........

*2 حاجی ئەنوەر / لەیادی ئەو (ئارام) ەی هەزاران (ئارام ) ی بەناوەوە نرا.... دەنگەکان , ڕۆژی 2006/01/31

*3 پشکۆ نجم الدین / شاسوارێك لە تیشك ئارامێك لە شنە با ...دەنگەکان ڕۆژی 2006/02/02